پێشمەرگە و سوپای عێراق ئێپەراسیۆنکی هاوبەشیان ئەنجامدا



ئەمڕۆ دووشەممە ،وەزارەتی پێشمەرگە بەهەماهەنگی لەگەڵ سوپای عێراق ئێپەراسیۆنکی هاوبەشیان لەبناری چیای قەرەچوغ ئەنجامدا.

لە راگەیەندراوکی وەزارەتی پێشمەرگەدا هاتووە، بەمەبەستی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری زیاتر لەناوچەکەدا، ئەمڕۆ کاتژمێر 7:00ی بەیانی هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراقی ئێپەراسیۆنکی هاوبەشیان لەبناری چیای قەرەچوغ ئەنجامدا.

لەم ئێپەراسیۆنەکەدا، لیوای 14 و لیوای 18ی فیرقەی 1ی پیادەی وەزارەتی پێشمەرگە، فەوجی 1ی لیوای 3ی کەماندۆی زێرەڤانی، لیوای 50 و 51ی فیرقەی 14ی سوپای عێراق بەشداربون، تیایدا دەشتایی و دۆڵ و ناوچەکانی باشور و باکوری چیای قەرەچوغیان کۆماڵ کرد و کاتژمێر 12:00ی کۆتاییهات.

ئامانج لەم ئێپەراسیۆنانە کۆماکردن و پاککردنەوەی ناوچەکەیە لە مێگە و حەشارگەکانی تیرۆریستانی داعش، بۆئەوەی ئاسایش و ئارامی ناوچەکە زیاتر سەقامگیر بێت.